نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی راگەیاندن

# هەواڵنامەی یونامی

دەنگی نێردە

هەواڵنامە ژمارە بیست و هەشت تشرینی دووەمی 2008

## نوسینگەی پشتگیریی دەستوریی سەر بە یونامی مێزگردێك لەسەر چوارچێوەی عیراقیی یاسادانان بۆمافەکانی ئافرەتان و منداڵان ساز دەکات




قسەکەرە سەرەکییەکان لە خولی کردنەوەی مێزگردەکە

**نوسینی: ڕەندا جەماڵ**

نوسینگەی پشتگیریی دەستوریی سەر بە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) لەگەڵ نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان (یونۆپس UNOPS) و بە دارایی یەکێتیی ئەوروپا لەڕێگەی سندوقی متمانەی عیراقی سەر بە گروپی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDG ITF) لە ڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨.مێزگردێکی لە تەلاری پەرلەمانی عیراقی لە بەغدا لەسەر چوارچێوەی عیراقیی یاسادانان بۆمافەکانی ئافرەتان و منداڵان ساز کرد.

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق بەڕێز ئەندرۆ گیلمۆر مێزگردەکەی کردەوە بە جەختکردنە سەر گرنگی پەرەپێدانی یاسادانان بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان و منداڵان. بەڕێزی ئەمەی وەك بوارێکی گرنگی کاری یونامی ناساند و دوپاتی کردەوە: "یونامی ئامادەیە بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری و پشتگیری بۆ عیراقییان بەرەو ئەو ئامانجە." ئەو هەروەها ئاماژەی پێدا کە لە کاتێکدا ئافرەتان ٦٠٪ی دانیشتوانی عیراق پێکدەهێنن و ١٥٪یش منداڵی تەمەن خوار ١٥ ساڵن، زۆر گرنگە کە پێداویستی و مافەکانیان بە هەند وەربگیرێن. بەڕێز گیلمۆر کۆمیتەکانی تایبەتمەند لە ڕەشنوسکردنی یاسای لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی هان دا کە هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکەن لەو یاسایانەی ئامانجیان پاراستنی ئافرەتان و منداڵانە.

لەکاتێکدا وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان دکتۆرە نەوال ئەلسامەرایی تێبینییەکانی بەڕێز گیلمۆری دوپاتکردەوە، خاتوو سەمیرە ئەلموسەویی سەرۆکی کۆمیتەی ئافرەتان و منداڵ و خێزان لە ئەنجومەنی نوێنەران هیوای خواست مێزگردەکە تێروانینێکی هاوبەشی لێبکەوێتەوە. ئەو هەروەها تیشکی خستە سەر گرنگیی چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەوەی ئافرەتان تێکەڵی پرۆسەی سیاسی بکات و مافەکانیان بپارێزێت و یەکسانیی کۆمەڵایەتیشیان دەستەبەر بکات. سەرۆکی کۆمیتەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی خاتوو ئالا تاڵەبانی جەختی کردە سەر گرنگیی یەکگرتوویی بۆ دۆزینەوەی چارەسەری دەستبەجێ و دوورخایەن لەپێناو پشتگیریکردنی ئافەتان و منداڵان. نمونەی چارەسەری دەستبەجێ یاسایەکی بەهێزی سەرتاسەری عیراقی بۆ خزمەتگوزاریی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە لەکاتێکدا لە مەودای دوورتردا گرنگیی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەردەکەوێت بۆ بانگەشە بۆکردن و پێشنیارکردنی بیرۆکە و دروستکردنی تۆڕ و دەربڕینی دەنگی ڕاستەقینەی ئافرەتان. خاتوو تاڵەبانی وتیشی: "بوارێکی تری گرنگی شایستەی بایەخپێدان چاکسازیی پەروەردەییە بۆ بەهێزکردنی دەوری پیاوان و ئافرەتان وەك هاوڵاتیی یەکسان لە کۆمەڵگادا." هەروەها پێشنیاری کرد کە دەکرێت وتنەوەی بابەتی مافەکانی مرۆڤ لە قوتابخانەکاندا یارمەتیدەر بێت بۆ تێکهەڵکێشکردنی مافەکانی ئافرەتان لە سەرجەم سیستەمی پەروەردەدا.

ڕۆشنبیرکردن و یاسا بەلای سەرۆکی کۆمیتەی یاسایی پەرلەمانیشەوە تەوەری سەرەکی بوون. بەڕێز بەهائ ئەلئەعرەجی جەختی کردە سەر

## پێرست

نوسینگەی پشتگیریی دەستوریی سەر بە یونامی مێزگردێك لەسەر چوارچێوەی عیراقیی یاسادانان بۆمافەکانی ئافرەتان و منداڵان ساز دەکات ........................ 1

یونیسکو میوانداری کۆنگرەیەکی جیهانی کرد لەسەر "مافی خوێندن لەو وڵاتانەی تووشی قەیران هاتوون" بە دروشمی "بەسە هیچکە داهاتووی عیراق مەخەنە مەترسییەوە"................................2

دەستکردن بە "هەڵسەنگاندنی گشتگر لەسەر هەژاریی و ئاسایشی خۆراك لە عیراق بۆ ٢٠٠٨" ........................ 3

بەرپرسی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران بەڕێز ئەنتۆنیۆ گوتێریس سەردانی بەغدا و ڕومادی و نەجەف دەکات و لەگەڵ ئایەتوڵڵای گەورە سیستانی کۆدەبێتەوە ...................... 4




قسەکەرەکان لەکاتی پێشکەشکردنی وتەو بیروراکانیان

تەحەدای دەوری کۆمەڵایەتی و پیشەیی و خێزانیی ئافرەتان و ئەو واقیعە سەختەی خۆیان و منداڵەکانیان بەرەو رووی دەبنەوە. بۆ نموونە، بەڕێز ئەعرەجی قسەی لەسەر ئەو وێرانییە کرد کە ئەو لە چەند سەردانێکی بۆ هۆرەکان بینیبووی کە ئافرەت "دە جار بەقەد هەر پیاوێك کار دەکات. ئەو ئافرەتە کە لە کێڵگە کار دەکات و دروێنە دەکات و نان دەکات و مسی دەگرێت و کاری ناوماڵیش دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەت جیاکاریی زۆری لەبەرامبەردا دەکرێت و مامەڵەی خیراپی لەگەڵ دەکرێت." بەڕێز ئەعرەجی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە چارەسەر رۆشنبیرکردنی ئافرەتانە بە مافەکانیان و هێنانەکایەی یاسایە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافانە.

شروق ئەلعەبایچی، چالاکی مەدەنی و نوێنەری (بزووتنەوەی ئافرەتانی عیراق) پەنای بردە بەر مافێکی دەستووری بۆ پێشنیارکردنی دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای نیشتیمانی بۆ کاروباری ئافرەتان. ئەو جەختی کردەوە کە ئەنجومەنێکی لەو جۆرە پێویستە بەتەواوی سەربەخۆ بێت لە حکومەت و پارتە سیاسییەکان بۆ ئەوەی هێز بە ئافرەتانی عیراق بدات و دەستەبەری جێبەجێکردنی پەیمانە نێودەوڵەتییەکان بێت، بەتایبەتی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك بەرامبەر ئافرەتان کە بە (سیداو SEDAW) ناسراوە. خاتوو عەبایچی وتی: "پێویستە پەرلەمان دامەزراندنی کۆمیتەیەکی سەربەخۆی لەو جۆرە پەسند بکات." لە وەڵامی لێدوانەکانیشدا وتی: "ئێمە پێویستمان بە کاری ئەرێنی هەیە لەسەر بنەمای ئەو یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی مافەکانی ئافرەتان دەستەبەر دەکەن."

نانۆ ماباتلهارا دیهیمۆی بەرپرسی کاروباری سیاسیی یونامی بەراوردکاریی نێودەوڵەتی بە گرنگ دانا و وتی کە دەکرێت لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری رێنیشاندەر بێت لە پرۆسەی چاکسازیی یاسادانانی عیراقی بە ئامانجی بەرەوپێشبردنی ئافرەتان و منداڵان. ئەو خاتوونە کورتەیەکی جیهانیی لەسەر باشترین نموونە و کار بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان و منداڵان پێشکەش کرد. شیکردنەوەکەی جەختی کردە سەر چاکسازیی دەستووری و یاسادانان و ئەو بەرنامانەی ئامانجیان بەرەوپێشبردنی مافەکانی ئافرەتان و منداڵان بووە لە باشووری ئەفریقا و هیندستان و ئوردون و تورکیا و مەغریب.

دانیشتنە رێنمایکەرەکانی تری مێزگردەکە تیشکیان خستە سەر پێوانە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی منداڵان و، چوارچێوەی دەستووریی یاسادانانی ئێستای مافەکانی منداڵان و ئاستەنگەکانی بەردەم منداڵان و، پێوانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی ئافرەتان و بێوەژنان و، ستراتیژی هەماهەنگی لەنێوان دامەزراوەکان و دەزگاکانی یاسادانان و ئاڵوگۆڕکردنی پێشنیار و، گفتوگۆ لەبارەی هاوکاری و پەرەپێدانی سیاسەتی یەکگرتوو و ئاستەنگە سەرەکییەکان و، لە کۆتاییشدا پێشنیار و ئاراستەکانی دوارۆژ.

## یونیسکۆ میوانداری کۆنگرەیەکی جیهانی کرد لەسەر "مافی خوێندن لە وڵاتانی تووشی قەیران هاتوون" بە دروشمی "بەسە هیچکە داهاتووی عیراق مەخەنە مەترسییەوە"



© UNESCO/M. Ravassard

یونیسکۆ لە ٣٠ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ لە بارەگای خۆی لە پاریس میوانداری کۆنگرەیەکی دوو رۆژیی کرد لەسەر پێویستیی یارمەتیدانی عیراق بۆ رووبەڕوونەوەی ئەو مەینەتییەی تووشی منداڵانی عیراق و قوتابیان و مامۆستایان هاتووە و هەروەها بۆ بەگەڕخستنی یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ دروستکردنەوەی سیستەمی پەروەردە و بڵاوکردنەوەی ووشیاری لەسەر پێویستییە بنەڕەتییەکان لەگەڵ دەستنیشانکردنی رێگەی بەرەوپێشبردن.

کۆنگرەکە بوو بە مایەی گردبوونەوەی زیاتر لە ٢٠٠ بەشدار کە لە ناویاندا شاندێکی پایەبەرزی عیراقی و سەرۆکی زانکۆیەکان و مامۆستایان و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبینران. هەروەها نوێنەری پایەبەرزی چەند بەشدارێکی سەرەکی لە رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی و کۆمیسیۆنی ئەورووپی و رێکخراوە ناحکومییەکان و ئەندامانی کۆمەڵی ئەکادیمیی عیراقی و جیهانی ئامادەبوون. سەرۆکی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکانیش پەترۆس پەترۆس غالی و سەرۆکی لێژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی عیراق د.عەلا مەکی لە کۆتایی کۆنگرەکە وتاریان پێشکەش کرد.

چەند میوانێکی وەك شێخ موزە بنت ناسر لە قەتەر و نوێنەری تایبەتی یونیسکۆ بۆ خوێندنی باڵا و بنەڕەت بۆ کۆنگرەکە هاتبوون و دەورێکی باڵایان هەبوو لە دامەزراندنی "دارایی جیهانیی بۆ خوێندنی باڵا لە عیراق بۆ ٢٠٠٣" و بەگەڕخستنی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ عیراق. هەروەها خاتوو زادە نیکولسۆن و سەرۆکی "دەزگای عەمار" کە لەگەڵ یونیسکۆ لە نزیکەوە لە بوارەکانی ئاشتی و پەروەردە و خوێندنی گەنجان لەعیراق کار دەکات، لە کۆنگرەکە ئامادە بوو.

سەبارەت بە دۆخی کەرتی پەروەردەی عیراق لە دوو دەیەی رابردوودا، بەڕێوەبەری گشتیی رێکخراوی یونیسکۆ بەڕێز کۆیچیرۆ ماتسورا بە ئامادەبوانی راگەیاند کە "ئەو کەرتە بە تەواوی تووشی داتەپین بووە بۆیە بەدەستخستنی پەروەردەیەکی بنەڕەتی ستاندارد بۆتە بابەتی سەرەکی شان بە شانی دابەزینی رێژەی ناونووسکردن بۆ قوتابخانە لە گشت ئاستەکاندا." ئەم دیاردەیەش چەند هۆکارێکی لە پشتەوەیە وەك نەبوونی ئاسایش و کارکردنی منداڵ و دووریی قوتابخانە و نەبوونی ئاسانکارییەکانی فێرکردن و نەبوونی مامۆستای شارەزا و کەمیی ئامێر و کەلوپەل.

لە لایەکی تریشەوە، مەسەلەی فێرکردنی ئاوارەی ناوخۆ و پەناهەندەکان بۆتە مایەی نیگەرانی چونکە زۆربەیان لە خوێندن بێبەشن و هەر ئەمەش بوو پاڵی بە یونیسکۆ و وەزارەتی پەروەردەی عیراقییەوە نا کە بەم دواییە پرۆژەی "فێربوون لە دوورەوە" لە رێی پەخشی بەرنامەکانی پەروەردە بە تەلەفزیۆن دەست پێ بکەن.

ئێستا کەمتر لە ٦٠٪ منداڵانی تەمەن قوتابخانە ئامادەی قوتابخانە دەبن و رێژەی ئامادەبوونیش لە قوتابخانەی ناوندی لە ٥٠٪ کەمترە لە کاتێکدا ئەمە زیاتر لە هەردوو ئاستەکدا تووشی کچەکان هاتووە بە تایبەت لە لادێیەکان.

لەمەش زیاتر، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی رێکخراوی یونیسکۆی ساڵی ٢٠٠٧، زیاترلە

٢٨٠ مامۆستای شارەزا لە ساڵی ٢٠٠٣و کوژراوون کە ١٨٦یان پرۆفیسۆری زانکۆ بوون. هەروەها ٦٧٠٠ مامۆستای تریش عیراقیان بەجێهێشتوە و زۆربەی زۆریشیان نەگەڕاونەتەوە.

کۆیچیرۆ ماستورا ووتیشی کە " ٥ بواری سەرەکی دیاریکراوون بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری خۆی تێدا زیاتر بکات بۆ هەوڵەکانی فێرکردنی نیشتمانی لە عیراقدا." ئەو زیاتر لە سەری رویشتوو ووتی کە ئەو بوارانە بریتین لە فەراهەمکردنی خوێندنی بنەرەتی و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی تەواوی کەرتی خوێندنی باڵای عیراقی و پاراستنی رۆشنبیرانی عیراقی وەك کارەلەپێشینەیەکی مۆراڵی و بایەخدانێکی تایبەت بە فێرکردنی قوتابیانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پشتگیری کردنی ئەو وڵاتانەی پەناهەندەی عیراقیان تێدایە بە تایبەت ئەردەن و سوریا و لوبنان بەمەبەستی یارمەتیدانی پەناهەندەکان کە بتوانن منداڵەکانیان لە قوتابخانەکانی ئەو وڵاتانە ناونووس بکەن.

کۆتاوتوێکردنی دانیشتنەکانیش وای لە بەشداران کرد کە بتوانن کۆمەڵێك راسپاردە بخەنە روو بۆ ئەوەی ببنە بنەمایەك بۆ ئەو کارکردن و پڕۆژانەی کە لە داهاتوودا بە هاوکاری کۆمەکبەخشەکان جێبەجێ دەکرێن.

لە کۆتاییدا بەڕێوەبەرە باڵاکەی یونیسکۆ ووتی کە " یونیسکۆ پابەندە بەوەی هەرچی لە دەستی بێت بیکات لە پێناو یارمەتیدانی عیراق بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پێویستییەکانی پەروەردە لە وڵاتدا و خۆشی بە بەختیار دەزانێت کە هەنگاوەکانی یەك بخات لەگەڵ دەزگا عیراقییەکان و رێکخراوە هەمەلایەنەکانی تر و ئەو رێکخراوە ناحکومییانەش کە لە وڵاتدا کار دەکەن."

کارکردنیش لە بواری پەروەردە بۆ یونیسکۆ هەر بە گرنگی دمێنێتەوە و رێکخراوەکەش لە یونامی جێگری سەرۆکی یونیسکۆیە بۆ یارمەتیدانی عیراق. یارمەتییەکەش تەرکیز لەسەر پشتگیری تەواو دەکاتەوە بۆ دەستەبەرکردنی سیستەمی چاکسازی و فەراهەمکردنی بەردەستبوونی خوێندنی بنەرەتی ستاندەر و دابینکردنی فێرکردن بۆ قوتابییە هەژارەکان بە تایبەت منداڵانی ئاوارە ناوخۆیی و پەناهەندەکان.

## دەستکردن بە "هەڵسەنگاندنی گشتگر لەسەر هەژاریی و ئاسایشی خۆراك لە عیراق بۆ ٢٠٠٨"



**نووسینی: رۆبین لۆج، رێکخراوی خۆراکی جیهانی- بەغداد**

بەغداد، ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨: عیراق بێگوێدانە سەروەتە زۆر و زەوەندەکەی بۆتە وڵاتی ئاژاوە و نزیکەی ٥.١ ملیۆن و نیو خەلکیش لە ئەنجامی شەڕ و توندوتیژی ئاوارە بوون. بە گوێرەی "هەڵسەنگاندنی گشتگر لەسەر هەژاریی و ئاسایشی خۆراك لە عیراق بۆ ٢٠٠٨"، سەرەڕای باشبوونی ئەم دواییە ئاسایش لە سەرتاسەری وڵاتدا بەڵام هێشتاش نزیکەی ملیۆن ونیوێك خەڵك ئاوارەن و بەدەست کەمی خۆراکەوە دەناڵێنن سەرەڕای هەبوونی تۆڕەکان سەلامەتیش. رێکخراوی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرداوای حکومەتی عیراق لە عیراقە بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی خۆراکی بۆ ٧٥٠٠٠٠ کەس لەو دەرکراوانەی کە زۆر هەژارن.

بەشە خۆراکی مانگانەش ئەگەر چی بە شێوەیەکی تیۆری هەر ٢٧ ملیۆن دانیشتوانەکەی عیراق دەگرێتەوە بەڵام کاتێك خەڵك ئاوارە دەبێت ناتوانێت لە شوێنە تازەکەی ناوی تۆمار بکاتەوە و هەر بۆیەش لەم بەشە خۆراکە بێبەش دەبێت.

رێکخراوی خۆراکی جیهانیش ٣ رووپێوی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عیراق ئەنجامدا بۆ خستنەرووی وێنەیەکی راستەقینەی هەژاریی و ئاسایشی خۆراك. دوایین هەڵسەنگاندنی گشتگریش لەسەر هەژاریی و ئاسایشی خۆراك لە عیراق لە ١٢ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ لە بەغداد بە پشت بەستن بەو داتایانەی کە لە لایەن حکومەتی عیراقەوە لە هەر ١٨ پارێزگایەکە کۆ کرابوونەوە بڵاو کرایەوە. هەڵسەنگاندنە بە تێکرایی ٢٦٠٠٠ خێزانی گرتبووە. دەوری رێکخراوی خۆراکی جیهانیش بریتی بوو لە پێشکەشکردنی شارەزایی لە دروستکردنی فۆرمی راپرسی و راهێنانی کۆکەرەوەکانی داتا و شیکارکردنی داتایەکە و پۆختە کردنی راپۆرتەکە.

سەبارەت بە ئاسایش خۆراکیش رووپێوەکە ئەوەی دەرخست کە ژمارەی ئەوانەی خۆراکیان کەمە لە ٤ ملیۆن لە ساڵی ٢٠٠٥ دابەزیبو بۆ تەنها ٩٣٠٠٠٠. بەهەر حاڵ ٦.٤ ملیۆنی تریش مەترسیی تووشبوونی کەمخۆراکیان لێ دەکرێت لە ئەنجامی بێبەشبوونیان لە بەشە خۆراکی مانگانە. هەروەها رووپێوەکە رێژەی هەبوونی بەدخۆراکی و نەبوونی خزمەتە بنەڕەتەکانی وەك ئاو و کارەبا و پەروەردەشی خستە روو.

سەبارەت بە یارمەتی خۆراکیش، راپۆرتەکە راسپاردەی ئەوە دەکات کە خواردن بدرێت بە ئەوانەی زۆرهەژارن و یان خواردن بەشیان ناکات لەگەڵ خۆراك بۆ راهێنانی دایکان لەسەر ئاگالەمنداڵبوون و بۆ ئەوانەی تووشی بەدخۆراکی بوون و بۆ پەروەردەش لە ناوچە هەژارنشینەکان بۆ هاندانی منداڵان لەسەر مانەوەیان لە قوتابخانە بە جەختکردنێکی تایبەت لەسەر ئامادەبوونی کچان و هەروەها پێشکەشکردنی پێکهاتە خۆراکییەکانی تر بە ڤیتامین A و ئاسن و خوێی یۆد کراویشەوە.

یارمەتی ناخۆراکیش بریتی یە لە تواناسازی بۆ دەزگا حکومییەکان بۆ ئەوەی توانایان لەسەر چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ئاسایشی خۆراك کارا تر بکەن لەگەڵ تواناسازی بۆ دەزگا تایبەتەکانیش بۆ دامەزراندنی تۆڕی سەلامەتی لەسەر بنەمای خۆراك و کارکردن بۆ کەمکردنی بەدخۆراکی لە رێی چەند کارێکی گونجاوەوە لە کشتوکاڵ و گەشەپێدانی لادێ و راکێشانی ئاو و دروستکردنی ئاوەڕۆ و پاراستنی قوتابخانەکان و پەروەردە و گەشە پێدانی کۆمەڵگای دروستبوو لەسەر بنەمای جێندەر و کۆمەڵ.

هەڵسەنگاندنی گشتگر لەسەر هەژاریی و ئاسایشی خۆراك لە عیراق بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ حکومەتە بۆ ئەوەی بتوانێ ستراتیژ و سیاسەتی خۆی دابنێ سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ پێویستیەکانی بەشە هەژارەکەی دانیشتوان. ئەم هەڵسەنگاندنە بویە ئەنجامدرا بۆ ئەوەی بتوانێ کەمیی خۆراك دەستنیشان بکات لە رووی ژمارەی کەسەکان و شوێنەکانیان لەگەڵ دەست لەسەر دانان لەسەر هۆکارەکانی کەمخۆراکی لە عیراق بۆ ئەوەی هەم راسپاردەش لەسەر بەشداریکردنی داهاتوو بدات .

## بەرپرسی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران بەڕێز ئەنتۆنیۆ گوتێریس سەردانی بەغدا و رومادی و نەجەف دەکات و لەگەڵ ئایەتوڵڵای گەورە سیستانی کۆدەبێتەوە



بەرپرسی کۆمیسارایای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەناهەندەکان لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی پارێزگای ئەنبار © UNHCR/R.Redmond

له نیوان ٢٥-٢٧ تشرینی دووه می ٢٠٠٨دا، کۆمیساری باڵای نه ته وه یه کگرتوه کان بۆ په نابه ران بەڕێز ئەنتونیۆ گوتێریس سه ردانی عیراقی کرد بەمەبەستی نیشاندانی پاڵپشتیی بۆ کارمه ندانی کۆمیسیۆنی باڵای نه ته وه یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران و ئەو پەناهندانەش که ڕێکخراوەکه خزمەتیان دەکات. ئەو بەرپرسە پایە بەرزە ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەم زووانە ٤ نوسینگەی تازە لە وڵات دەکرێنەوە.

له یه‌که‌م ڕاوەستانی لە بەغداد لە ٢٥ی تشرینی دووه م، گوتێریس له گه ڵ چه ند به رپرسێکی پایەبەرزی عیراقی کۆبووەوە بۆ تاوتوێکردنی چه ند هه نگاوێکی جۆراوجۆر له پێناو گەڕانەوەیەکی سەرکەوتوو و درێژخایەن بە گێڕانه وه ی کەلوپەل و قەرەبووکردنەوه و تێکەڵبوونەوە و خزمەتە بنەڕەتییەکان و سیستەمی کارتی خۆراکی مانگانە و نەهێشتنی رۆتینی پڕ بیرۆکراتیشه وه له پێناو رێکوپێکتر کردنی یارمەتی بەخشینەوە.

رۆژی دوایش بەرەو رومادی لە پارێزگای ئەنبار کەوتەڕێ و لەوێش ڕایگەیاند کە ڕێکخراوەکەی بەم زووانە نوسینگەی خۆی لەو شارە دەکاتەوە کە یەکێك دەبێت لەو ١٤ نووسینگەیەی پێشبینی دەکرێن لە سەرەتای ساڵی داهاتوودا لە وڵاتدا بکەونە کار.

لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ٢٠ بەرپرسی پارێزگای ئەنبار و شارەوانی رومادی سەرۆك هۆزەکاندا، گوتێریس وتی "ئێمه ئێستا بوونمان له عیراق فراوان دەکەین و لە سەرەتای ساڵی داهاتوشدا لە ١٤ پارێزگا نووسینگەمان دەبێت بە ئێرەشەوە."

گوتێریس، کە ئەمە سێهەم سەردانیەتی بۆ عیراق لە ماوەی ١٨ مانگی رابردوودا، تێبینی ئەوەی کرد کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران ئێستا لە ١٠ لە کۆی ١٨ پارێزگایەکەی عیراق بوونی هه یه و به م زووانه ش ٤ نوسینگەی تر دەکاتەوە. هەروەها وتی کە بوونی فراوانکراوی کۆمیسیۆنی باڵای نه ته وه یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران ڕەنگدانەوەی بڕیاری جەختکردنی زیاترە لەسەر ئامادەکارییەکان بۆ ئەگەری گێڕانەوەی یەکجاریی سەدان هەزار پەنابەر .

له هەمان کاتیشدا، ڕێکخراوەکە هەر بەردەوام دەبێت لە سەر کاری یارمەتیدان و پاراستنی پەنابەرانی عیراقی لە ناوچەکە، بەتایبەت لە وڵاتەکانی سوریا و ئەردن.

سەبارەت بە بوونی فراوانکراوی کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتوکان بۆ پەنابەران گوتێریس وتی "ئێمە لەگەڵ حکومەتی عیراق کارێکی زۆرمان لەپێشە بیکەین لە پێناو کارکردن لەسەر ئه وه ی پێشتر کراوه بۆ دەستە بەرکردنی بارودۆخێکی لەبار لە پێناو گەڕانەوەی خۆویستانە و درێژخایەنی پەنابەرەکاندا بە شێوەیەکی شکۆدار و سەقامگیر."

ئەو وتی کە دۆخەکان بریتین لەو هەوڵە زیادانەی دەدرێن لە پێناو گێرانه وه ی کەلوپەل و قه ره بووکردنه وه ی گه ڕاوه كان له گه ڵ دەستەبەرکردنی خزمەتە بنەڕەتەکانی وەك قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و ڕەخساندنی هەلی کار و گەیاندنی یارمەتی.

گوتێریس هه روه ها تێبینی ئه وه شی کرد که بودجەی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران بۆ هەڵسوڕاندنی کارەکانی له ناو عیراقدا له ساڵی داهاتوودا دووقات ده بێت بۆ ئه وه ی بگاته نزیکه ی ٨١ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

سه رۆکی ئه نجومه نی پارێزگای ئه نبار عەبدولسەلام ئەلعانیش وتی کە بەرپرسان زۆر خۆشحاڵن بە ڕاگەیاندنی گوتێریس بۆ کردنەوەی نووسینگه یه کی نوێ له پارێزگای رومادی. هەروەها ئەو سوپاسی گوتێریسیشی کرد لە سەر پێشنیار کردنی یارمه تی زیاتر بۆ ژماره یه ك خەڵکی بێدەرەتان کە بە ١١٠٠٠ خێزانی ئاوارەی ناوخۆ لەو پارێزگایە مەزندە دەکرێن.

نوێنەری بنکە لە بەغدای کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران دانیاڵ ئەندرێسیش وی کە کردنەوەی نوسینگەی رومادی دەکرێ ببێتە "هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی تازە" لە هەوڵەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لێقەوماو لە ناوچەکە.

له دوا رۆژی سه ردانه که شی بۆ عیراق ، گوتێریس سەردانی شاری نەجەفی کرد و لەوێش لەگەڵ ئایەتوڵڵای گەورە عەلی سیستانی کۆبووەوە و کورتەیەکیشی لەسەر کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران لە جیاتی خەڵکی لێقەوماوی جیهان پێشکەش کرد.

به کۆتایی سەردانە ٣ رۆژییەکەی بۆ عیراق، گوتێریس بە سیستانیی وت کە ئەو سەردانەکەی لە سەروبەندی جەژنی قوربانی پیرۆزدا بە رەمزی ناوزەد دەکات.

لەبارەی سەردانەکەی، گوتێریس وتی "من بۆیە ئەو سەردانەم لەم کاتەدا ئەنجامدا تا پاڵپشتیی خۆم دەربڕم بۆ کارمەندەکانمان کە لەکەلتوور و ئاینی جۆراوجۆرەوه هاتوون و هه روه ها بۆ ئه و په نابه رانه ش که ئێمه خزمه تیان ده که ین. کۆبوونەوەشم لەگەڵ ئایەتوڵڵای گەورە سیستانی لەم شاره پیرۆزه مایه ی شکۆمەندییە بۆ من و دەشمەوێ پاڵپشتیی کۆمیسیۆنی باڵای نه ته وه یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران بۆ هەموو خەڵکی عیراق دەربڕم. دوای ئەو گۆڕانە گەورەی لە وڵاتدا ڕوویدا هەندێك لە عیراقییەکان ژیانی ئاسایی خۆیان دەستپێکردۆتەوە بەڵام هێشتاش هەندێکی تر هەر ڕووبەڕووی مەینەتی دەبنەوە".

گوتێریس ستایشی ئایەتوڵڵای پایە بەرزی کرد بۆ هەوڵە نەپساوەکانی بۆ هێنانەدی ئاشتەوایی و ئارامیی لە عیراقدا. هه روه ها کاره کانی کۆمیسیۆنی باڵای نه ته وه یه کگرتوه کان بۆ په نابه رانیشی له عیراق روونکرده وه له چوارچێوەی ئەرکە جیهانییەکەی لە نزیکەی ١٢٠ وڵاتدا لە جیاتی ٣٢ ملیۆن خەڵکی دەربەدەر، کە بە هەژارترین هەژار ناوی بردن.

گوتێریس، کە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی



ژنێکی دەرکراوی عیراقی چاوەڕوانی یەکێکە یارمەتی بدات لە هەڵگرتنی ئەو کەل و پەلانەی وەریگرتووە بۆ ماڵی خۆی لە ناوەڕاستی عیراق
© UNHCR/R.Redmond

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەڕێز ستافان دی میستوراش هاوەڵی بوو، وتی کە کارەکانی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دەربەدەران تا ئێستا بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی کردۆتە سەر ئەو پەنابەرانەی کە لە وڵاتانی دراوسێن و بە شێوەیەکی سەرەکیش سوریا و ئەردەن. ئەو بە سیستانی وت کە ئەم دوو وڵاتە بە هۆی خانەدانیاینەوە بە راستی شایستەی ستایشن و کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەرانیش پشتگیری هەوڵەکانی ئەو دوو وڵاتە بۆ یارمەتیدانیانس پەنابەرانی عیراقی دەکات.

سەبارەت ژمارەی گەڕاوەکانیش، گوتێریس وتی "لە نێوان مانگەکانی حوزەیران و تشرینی دووەمی ئەمساڵدا زیاتر لە ١٤٠٠٠٠ عیراق گەڕاوەنەتەوە کە زۆربەیان لە ئاوارەی ناوخۆ بوون. ئێمەش بە تەواوی پابەندین بە هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتی عیراق بۆ بەردەوامبوون لەسەر هانانە کایەی بارودۆخێکی وا کە گەڕانەوەی خۆویستانەی زیاتری لێ بکەوێتەوە لە کەشێکی ئارام و شکۆمەندانەدا."

هەر لە شاری نەجەف گوتێریس لەگەڵ پارێزگار ئەسعەد سوڵتان ئەبو جەلیل و ئەندامانی ئەنجومەنی پاریزگا کۆبۆوە. هەرچەندە لە نەجەف خەڵك خۆی ئاوارە نەبوون بەڵام ئەو شارە ئێستا بۆتە شوێنی حەوانەوەی زیاتر لە ٨٠٠٠ خێزانی دەربەدەری ناوچەکانی تری عیراق.

کارمەندانی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەنابەران یارمەتی دەسەڵاتی ناوخۆیی دەدات لە پێشکەشکردنی یارمەتی مرۆیی بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان. هەروەها یارمەتیی ئەوانەش دەدەن کە ئارەزووی گەڕانەوەیان هەیە بۆ زێدەکانیان.

جگە لە پەنابەر، نزیکەی ٢.٤ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆییش لە عیراقدا هەیە.

## هەواڵنامەی (یونامی)

**هەواڵنامەیەکە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی ) دەریدەکات**
**بابەتەکانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەکگرتووەکان بێت**

**بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلکترۆنییە ی خوارەوە بکەن:**
**Unami-information@un.org**
**یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بکەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:**
**2644 - +962 6 5504700**
*jamalr@un.org*
پێگەی ئەلکترۆنی: www.uniraq.org